کچان و کێشەی وێنەکان ... مەلەک محمد

کێشە لە ناردنی وێنە و بەاوبوونەوەی وێنەدا نییە، زۆرکمان هەر لە فەیسبووکدا خەمان وێنەی خەمان بۆاو کردووەتەوە، کە ئاساییە، بەڵام خۆ دەشکرێ هەر ئەم وێنانە ببرێن و بە مەبەستی خراپ بەکار بهێنرێن. کەواتە کێشەکە لەو بیرکردنەوەدایە کە:

یەک: ئەمەیان وا بار هێناوە لە وێنە بترسین. لە کاتێکدا نابێ وێنەی کوڕ و کچ هیچ جیاوازییەکان لەگەڵ یەکدا هەبێت. واتا ئەمەی ژنان ئەبێ وەک شتێکی زۆر سروشتی بمان هەبێت وێنەی خەمان بۆاو بکەینەوە. کەسێک ئەگەر نەیەوێت بە وێنە دەربکەوێت ئەوە ئاساییە. بەڵام نابێت هۆکارە ترس بێت. هەبەت دەزانن کە ئەم ترسە لە ماڵەوە و لە کۆمەڵگە دروست دەبێت.

دوو: دەبێ ئێش لەسەر ئەوە بکەین کە بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و دایکوباوکان و خوشک و برایانمان بگۆڕین و وا باریان بهێنین کە سروشترین شتێک هەبێ ئەوەیە کە کچێک وێنەکانی بۆاو بکاتەوە وەک چۆن کوڕێک ئەمە دەکات.

سێ: کە توانیمان کۆمەڵگەی کورد وا بار بهێنین لە وێنەی کچ نەترسن. ئەوکات ئەو هەڕەشانەش بەتاڵ دەبنەوە کە هەڕەشەی وێنەبۆاوکردنەوە لە کچ بکەن. کە وێنە بۆاوکردنەوە بوو بە شتێکی سروشتی، ئەوکات کەس ناتوانێت ئەمە وەک هەڕەشە بەکار بهێنێت.

چوار: چارەسەر ئەوە نییە داوا لە یەکتر بکەین وێنە بۆاو مەکەنەوە، ئەمە خۆدزینەوە و ڕاکردنە، چارەسەر ئەوەیە هەوڵی گۆڕینی ئەم بیرکردنەوەیە بدەین،

پێنج: بەڵام ئەگەر وێنەکان وێنەی سێکسی بوون، ئەمەیان پەیوەندیی بە نێوان کەسەکانەوە هەیە، کاتێک کەسێک متمانەی پێ دەکرێت، یان خۆشەویستی و سۆز لە نێواندا هەیە و لەسەر ئەم بنەمایانە ئەم جۆرە وێنانە ئاڵوگۆڕ دەکرێن، پێم وا نییە خەتای ئەو کەسەی تێدا بێت کە وێنەکان دەنێرێت. تۆ چۆن بزانیت خۆشەویستەکەت ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە دژمنێک؟ من نانێرن وێنە بنێرن یان نا، بەکوو دەڵم کێشەکە لەوێدا کە چۆن بە ناوی خۆشەویستییەوە مرۆڤ وێران دەکرێت.

شەش: ئەگەر کۆمەڵگەیەکی مۆشککراوە بووینایە، مەسەلەکانی وەک سێکس و وێنەی ڕووت و وێنەی کچ و ئەم شتانە لە لامان شتی نەرمان بوونایە وەک ئەوروپا… ئەوا ئەو کچە لە ئێمە و بنەماڵەکەی و کۆمەڵگە نەدەترسا و ئەم کارەساتەش ڕووی نەدەدا. کەواتە بە تەنیا هەڵەی ئەو کوڕە نییە، بەڵکوو هەڵەکە کۆمەڵگەیەکی گەورەی لە پشتە و هەموومان خەتابارین.

حەوت: گۆڕکانی خەزان وا خەیان رابهێنن کەزوو زوو بریار لەسەر شتەکان نەدەن لەجێگای زیادکردنی کەڵک قسەی ناشرین و ئازاردانی منداڵەکانیان، گوێیان لێ بگرن و هەوڵ بدەن کێشەکان بەڕێگایی یاسایی و تەندروست لێم کاتانەدا چارەسەر بکەن.

هەشتەم: کردنەوەی دەرگای خوێندنەوە لە منداڵەکان کە لە بارەی بابەتی متمانە پێکردن و چۆنیەتی هاوڕێیەتی تەڕ کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بڕۆ تێگەیشتنی تەندروست بڕۆن.

نۆیەم: دانانی مۆنهێجێکی تایبەت بۆ منداڵەکانمان لە قوتابخانەکان کە فێری خۆڕاگری و بەرگەگرتنی فشاری دەروونی لە حاڵەتە نەخوازراوەکان.
دەیەم: کردنەوەی دەرگایەک لە لایەن خەزانەوە کە منداڵەکان بتوانن ئەوان هەڵبژێرن بۆ باسکردنی کێشەکانیان لە تەڵەفۆنەکە کۆمەڵایەتییەکان نەک بەدەنگ بمێنەوە و بترسن تا کارەسات ڕووبدات.

مەڵەک محمد